# بزوتنەوەی ریفراندۆم لە سوید کۆدەتایەکی شەرمنانەی ئەنجامدا.

## هیشام ئاکرەیی

(کردەوەکانی هەر مرۆڤێک ڕەنگدانەوەی ئەخلاقی ئەون)

دیارە بزوتنەوەی ریفراندۆم بڕیاری داوە دەست بە هێرش بکات و دەستبەکار بێت دژ بە کەسان و کۆمیتانەی سەربەخۆن و دەیەوێت لە ڕێگای کۆمیتەی باڵای سویدەوە هێرش بکاتە سەر کەسان و ئەو کومیتانەی تاوەکووخۆڕاگرن و هەوڵ دەدەن ڕاستیەکان بە جەماوەر بلێن و پیلانەکان و درۆ و دەلەسەکانیان ئاشکرابکەن. ئەم هێرشەیان بۆ ئەوەیە ئەو کەسانە بیانخەنە سەر چووک و هیچ کەسێک یان کەمیتەیەکی سەربەخۆ لەناو ڕیزەکانی بزوتنەوەی ریفراندۆمدا نەمێنێت.

هەلبەتە مێژووی ئەو هێرشە تازە نییە و بەر لەئێستا بە زیاتر لە 8 مانگ دەست پێکراوە. بەڵام ئەو کاتە بە شێوەیەکی سنووردار بوو. ئێستاکە بە پاڵپشتی هێزێکی تایبەتەوە دەستیان بە هێرش کردوە. هێرشی هەرە درندانەیان لەسەر کۆمیتەی باشووری سویدە، کە هەر لەسەرتای دروست بوونیدا بە دەستپێشخەری د. بورهان یاسین، ئەو کۆمیتەیە لە جێگای ڕەزامەندی هەندێ کەسان و لایەنی سیاسی نەبوو و هەموو هێزێکی خۆیان خستە گەر بۆ ئەوەی د. بورهان یاسین لەو بزوتنەوەیە دوور بخەن. ئەوەبوو زۆربەی بەرپرسیارانی کۆمیتەکانی شارەکانی سویدیان خستەگەڕ و هێرشێکی نامرۆڤانەیان کردە سەر د. بورهان یاسین و ڕەخنەی نابەجێ و بێ بنەمایان لێ گرت. لەم هێرشەدا د. بورهان ناچار بوو واز لە بزوتنەوەی ریفرادۆم بێنێت. ئەگەر د. بروهان تووشی نەخۆشی نەبوایە پاشەکشێی نەدەکرد بەڵام بەهۆی نەخۆشیەکەیەوە نەیتوانی بەرامبەر ئەو هەموو هێرشە ڕابوەستێت.

هەر لەو کاتەدا کۆمیتەی شاری (ڤێستیرۆس) لە سوید سەرکێشی ئەو هێرشەی دەکرد و کاتی پێیان نەکرا گۆڕانکاری لەسەر کۆمیتەی باڵای سوییدا دروست بکەن. پاشەکشەیان کرد و ڕێکەوتن لە گەڵ کۆمیتەی دوو شاری تری سوید و ئامادەی کۆبۆنەوەکانی کۆمیتەی باڵای سوید نەبوون چوونکە گەلێ ئەندامەکانی ئەو کاتە سەربەخۆبوون. کاتێک ئەوان دەرکەوتن کۆمیتەی باڵای سویدیان بە ناشەرعی لەقەڵەمیان دا. لە دوای ماوەیەک چەند کەسانێک لەوانەی جەماەر دەزانێت کێن و چۆنن، کۆمیتەی شاری ڤێستیرۆسیان دروستکردەوە و لە ماوەی شەش مانگدا پەیوەندی بە دوو شاری تروە کرد و و لەوێ دوو کۆمیتەی تریان دروستکرد و بەیەکەوە داوای کۆنفێرانسێکیان کرد، کە هاوکاتبوو لە گەڵ کۆبونەوەی ساڵانەی کۆمیتەی باڵای ریفراندۆم لە سوید.

لە مانگی دوانزدە دا، کۆبونەوەیەکیان لە شاری ڤێستیرۆسیان کرد بە بەشداری 6 کۆمیتە. چوار لەو کۆمیتانە سەربە (ئەوان) بوون و پێشوەخت لەسەر گەلێ شت ڕێکەوتبوون و لە کۆبۆنەوەی ئامادەکاردا هەموو شتێک ڕۆن و ئاشکرا بوو و کارێکی ئاوایان کرد، بەشەڕ و سووکایەتی، کە کۆمیتەی خوارووی سوید بەشدارنەبێت. ئەو چوار کۆمیتەیە بە بڕیارەوە دروستکرابوون. لە سەرەتادا ئەو کۆمیتانە کەسانی سەربەخۆیان لەناو کۆمیتەکانی ئەو شارانەدا دوورخستن.

تاقە جێگا کە هێزی ئەوەیان نەبوو دەست بەسەر کۆمیتەکەیدا بگرن، کۆمیتەی خوارووی سوید بوو. لەبەر هۆیەکی ئاسان ئەویش بەرپرسیارانی حزبی لە باشووری سوید نەیانویست ئەو کارە بکەن و پێیان باشتر بوو کۆمیتەی ڕیفراندۆم لە دەستی کەسانی سەربەخۆدا بێت.

کۆمیتەی باشووری سوید تاوەکوو ئێستا توانیویەتی سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت و پەیوەندیەکی باشیشی هەیە لەگەڵ پارتە سیاسیەکان. ئایە بارودووخی کۆمیتەی خوارووی سوید دەگۆڕێت یان بەسەربەخۆیی دەمێنێت، ئەوە پەیوەندی بە هەلۆیستی ئەندامانی پارتە سیاسیەکان و کەسانی سەربەخۆیەوە هەیە.

پێویستە ئەو بڵێم کە کۆمیتەی باشووری سوید بە هیمەتی د. بورهان و بەندە، دەستپێشخەر بوو لە دروستکردنی کۆمیتەی باڵای سویددا و ئێمە لە دانوساندا بووین لە گەڵ کۆمیتەی دانمارک بۆ دروستکردنی کۆمیتەی دەرەوەی وڵات کاتێ هێرشی ئەوان بۆ سەر کۆمیتەی باشووری سوید دەست پێکرا.

لە دوای ئەو کۆبۆنەوەیە، ئەو شەش کۆمیتەیە لە پالتالک دانیشتوون بەبێ ئەوەی ئاگادرای کۆمیتەی باشووری سوید بکەن. هەروەها ئەرک و چالاکیەکانیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکرد ، بەبێ ئەوەی نە بۆستێک بۆ کۆمیتەی باشووری سوید بدەن و نەش پرۆبۆکۆلەکە بۆیان بنێرن و نەش ئاگارداریان بکەن لە ئەنجامەکانی ئەو کۆبۆنەوەیە.

کۆمیتەی باڵای ریفراندۆم لە سوید بە کۆمیتەی باشووری سوید دەڵێت ئێوە تەنیا یەک یان دوو کەسن. هەلبەتە ئەم حەکیمیەیان لە گیانی خۆیان گرتووە. دیارە کۆمیتەکانیان تەنیا یەک دوو کەس لێیان ماوەن و بە زۆری نەفەریان پێ کۆدەکرێتەوە، بۆیە وا بە کۆمیتەی باشووری سویدیش دەڵێن. کۆمیتەی سوید وەک من دەزانم بەهێزترین کۆمیتەیە لە هەموو سوید و ئەو کەسانەی لەناو ئەو کۆمیتەیەدان گەلێ چالاکن. دیارە ئەوان وەک کۆمیتەش لەم کۆدەتایە بێدەنگ نابن و لەوانەیە دکومێنتەکانی کۆمیتەی باڵای سوید بۆ جەماوەری کوردستان بڵاوکەن.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە بۆ وادەکەن؟؟؟ و بۆ دەیانەوێت کۆمیتەی باشووری سوید دوورخەن؟؟

تەنیا هۆ بۆ ئەو کارانە سەربەخۆیی کۆمیتەی باشووری سویدە. ئەم کارەی کۆمیتەی بالای ریفراندۆم لە سوید بە زمانی سەربازی پێی دەڵێن کۆدەتا دژ بە کەسانی سەربەخۆ.

لێرەدا لەوانەیە ئەو کاتە هاتبێت بەوان بوترێت پیرۆزتان بێت بزوتنەوەیەک کە تەنیا لە ئەندامانی کۆمیتەکان پێکهاتووە و بە بریاری یەک کەس بەڕێوە دەبرێت ئەو کەسەش لە لایەکی ترەوە ئەمر وەردەگرێت. پیرۆزتان بێت بزوتنەوەیەک کە ناتوانێت لە هەموو ئەوروپا 100 کەس بێنتە سەر جادە.